# ڕۆمانی "ئەستەمووڵ" و ئۆرهان پەمۆک

وەرگێڕانی بۆ کوردی : ڕێناس جاف
renascaf@yahoo.com



ئۆرهان پەمۆک، نووسەری گەنجی تورک لەبەر ڕۆمانی "ئەستەمووڵ"، خەڵاتی نۆبێڵ بۆ ئەدەبی ساڵی 2006 ی زایینی پێ بەخشرا. بەرهەمەکەی پەمۆک، هەڵگری چیرۆک و سەربردەی ئەڤین و خۆشەویستی بۆ هونەر و دەستەڵات لە شارێکی تورکیایە. ئەم بەرهەمە لە گەشتنامەیەک دەچێ تێیدا ڕۆماننووسێک کە خەڵاتی ئەدەبی دۆبلینی پێ بەخشراوە، دەگەڕێتەوە زێدەکەی کە ڕۆڵێکی تاقانە و بەرچاو بۆ خۆ وەک پردی پێوەندی و دەروازەی نێوان خۆرهەڵات و ڕۆژاوا دادەنێ. پەمۆک مێژووی شار و کەسێتی ئاوێتەی یەکدی دەکات و بەرهەمێک بە ناونیشانی "ئەستەمووڵ" دەئافرێنێ کە پڕیەتی لە جیاوازی کولتووری. ئەم بەرهەمە وەسفی حاڵی باژێڕێکی گەورەی جیهانە کە لێوانلێوە لە وێنەی شێعری، ڕەخنەی هونەرییانە و تێڕامانێکی قووڵی مێتافیزیکییانەی ئاوێتە بە زمانێکی چیرۆک ئاسای فەنتازیایی.

پەمۆک شێوازێکی داهێنەرانە دەخوڵقێنێ کە دنەی مرۆ بۆ وردبوونەوە و تێڕامان دەدات. بیری قووڵی خەیاڵ و فەنتازیا لای پەمۆک لێرەوە دەس پێ دەبێت . چیرۆک و سەربردەکەی پەمۆک هەر لە سەردەمی زارۆکی خۆیەوە دەس پێ دەکات کە لە نێو ماڵێکی کۆنی پڕی قاڵی و فەرشدا دەژی. هەر لەو دونیایەدایە ئاشنای گەلێ ڕاستی تاڵ دەبێت، هەر هەمان هەست و نەست، ئاوێتەی نێو دڵەی سەرپاک خەڵکی شارە، هەمان باژاڕ میراتی بەشکۆی ئیمپراتۆریەتێکی ڕووخاوە و هەوڵیەتی خۆ لە جیهانی مۆدێرن و پێشکەوتنخوازەوە نێزیک بکاتەوە و دەروازەی نێوان دوو دونیای خۆرهەڵات و ڕۆژاوا بێت.

ئەو خەیاڵ و فەنتازیا سێبەر دەخاتە سەر بیر و مێشک و زەینی پەمۆک و ئەویش دەکەوێتە ناساندنی نووسەر و وێنەکێشان و لە چاوی ئەوانەوە سەیری شاری ئەستەمووڵ دەکات. ئەو بە بەرچاو چەن سات و کاتێکی کپ و بێدەنگ و خاپوور، کۆشک و تەلاری لەبیرکراو، شەقامی چۆڵ و هۆڵ و گرینگتر لە هەمووانیش ئاوە ئەفسانەییەکەی بۆسفوڕەوە ئەکەوێتە نەخشاندن و درکاندنی ئەو هەست و نەستەی لای خۆ سەبارەت بەو شوێنەی زێدی باوباپیرانی بووە و بەم ڕۆژانە بووژاوەتەوە. پەمۆک بە وێنەی "پیاوێکی گەنج"، بەرهەمەکەی "جۆیس"، سیمای شاری ئەستەمووڵ دەنەخشێنێ.

دەسبەجێ پاش ئەوەی ناوی پەمۆک وەک وەرگری خەڵاتی نۆبێڵی 2006 ڕۆژی 12 ی ئۆکتۆبەر

**ڕادەگەیندرێ،"ئەدەم سمیت"، بەرپرسێکی ئاکادێمی خەڵاتی نۆبێڵ بە تەلەفۆن پێوەندی پێوە دەکات و هەڤپەیڤینێکی کورت لێ جوان و سەرنج ڕاکێشی لە گەڵدا ساز دەکات، ئەوەی دەخرێتە بەرچاو، دەقی ئەو گفت و گۆیە بە وەرگێڕاوی کوردییە.**



**پەمۆک : ئۆرهانم، بفەرموو**

**سمیت: ئەو کاتەت باش، دەکرێ لە گەڵ ئۆرهان پەمۆک قسە بکەم؟**

**پەمۆک: بفەرموو**

**سمیت: من ناوم ئەدەم سمیتە لە ئاژانس و کەناڵی فەرمی دەزگەی نۆبێڵ لە ستۆکهۆڵمەوە قسەت لەگەڵ دەکەم.**

**پەمۆک: کەرەم کە**

**سمیت: ئەوە دابێکی لای ئێمەیە لەم دەزگەدا پاش ئەوەی ناوی کەسانی وەرگری خەڵاتی نۆبێڵ ڕاگەیندرا دەسبەجێ هەڤپەیڤینێکی کورتیان لەگەڵ ئەنجام دەدەین.**

**پەمۆک: زۆرچاکە، بفەرموو**

**سمیت: پێش هەموو شتێک بە دڵ پیرۆزباییت لێدەکەم**

**پەمۆک: زۆرت لێ مەمنوونم، زۆر سوپاس، ئەمە شانازییەکی مەزنە.**

**سمیت: کاتێ ئەم هەواڵەت بەرگوێ کەوت مژولی چی بووی و چیت دەکرت؟**

**پەمۆک: لە خەودا بووم و کاتژمێرێک لەمەوبەر بیرم لەوە دەکردەوە خۆ کاتی ڕاگەیاندنی ناوی وەرگرانی خەڵاتی نۆبێڵیش نێزیکە و ڕەنگە یەکێ ئەو هەواڵەم بداتێ ئەو خەڵاتانە وەبەر کێها کەسان کەوتوون، پاشان بیرم لەوە کردەوە ئەمڕۆ دەبێ چبکەم، ئەی ئەرکی ئەمڕۆم چییە؟ هەندێ خەواڵوو بووم کەچی گۆشی تەلەفۆنەکە زرینگایەوە و من زانیم کاتژمێر  حەوت و نیوە و بە منیان گوت ئەو خەڵاتەم بردۆتەوە.**

**سمیت: بەڕاستی تەلەفۆنێکی سەیر بووە. کاتێ ناوەکان ڕادەگەیندرێن  نازانی چ شۆقێ مرۆ دادەگرێ.**

**پەمۆک: ڕاستە، هەر وایە ،بەڕاستی زۆر هەست بە شادی و خۆشحاڵییەکی فرە دەکەم.**

سمیت: ئێمە ئەم هەڤپەیڤینە لە ماڵپەڕەکەمان دادەنێین بەڕێزت دەتوانی  دواتر سەیری بکەیت و ببیینی.

پەمۆک: دەسبەجێ پاش ڕاگەیندرانی ناوی کەسانی وەرگری خەلاتی نۆبێڵ چاوم بە زۆر ڕۆژنامەوان کەوت بەڕاستی  ناتوانم ئەو ساتانە لەبیر بکەم، زۆر سوپاسی تۆش دەکەم بەڕێزم.

سمیت: تۆ یەکەم نووسەری تورکی خەلاتی نۆبێل بۆ ئەدەب وەردەگری، باشە ئەمە تا چەند لات گرینگە؟

پەمۆک: جا دیارە بۆ وڵاتی تورکیا ئەمە هەواڵ و ڕووداوێکی  خۆش و گەورەیە.

سمیت: ساڵی ئەمساڵ بۆ بەڕێزت ساڵێکی بەدەسکەوت و پڕی کار و چالاکی بوو.

پەمۆک: هەر وایە

سمیت: سەبارەت بە "گیانێکی خەمۆک"،چلۆن وەسفی  شاری ئەستەموول  بۆ ئەوانەی دەکەیت قەت نەیانبینیوە؟

پەمۆک: پێیان دەڵێم شارێکە تازە ڕووی لە پێشکەوت و مۆدێرنیزم ناوە کەچی مۆدێرنیتە زۆر زووتر لەوەی ئینتیزار دەکرا تێیدا لەناو چوو. پێیان دەڵێم کەلاوەکانی ڕابردوو بۆتە مایەی خەمۆکی شار و لە تەنیشتیەوە هەژاری زاڵە. بەلام بەختەوەرانە ئێستا دۆخەکە باشتر بووە.

سمیت: خاڵێکی دی کە لە بەرهەمەکانی بەڕێزت دا بە زەقی خۆ دەنوێنێ پێکادانی نێوان کولتوورەکانە.

پەمۆک: دژایێتی نێوان خۆرهەلات و ڕۆژاوا گەلێ پڕ مەترسییە و لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا گەلێ کێشە و گرفتی ساز کردووە.

سمیت: زۆرێ لە کەسایەتییەکانی نێو بەرهەمەکانت وان لەژێر دزە و کارتێکەری چەن کولتوورێکدا کە نیشانەن بۆ کولتووری ڕۆژاوا و خۆرهەلات، بەڕێزت تا چەند ئەمەت لا ڕاستە(بڕوات بەمە هەیە).

پەمۆک: لەگەڵتام

سمیت: باشە تەنیا بە زمانی تورکی دەنووسی؟

پەمۆک: هەر وایە، چەن وتارێکیشم بە زمانی ئینگلیزی لە چەن گۆڤار و بلاڤۆکێکی نێونەتەوەییدا

نووسیوه. وەک گۆڤاری "Times litry supplement"، هەڵبەت من نووسەرێکی تورکم و جوان هەست بەم زمانە دەکەم.

سمیت:ڕاستە، منیش پێم وایە بیر و هزر و ئەندێشەی ئەوتۆ هەنە کاتێ دەتەوێ باسیان بکەی تەنێ بە زمانی تورکی ئەوەت بۆ دەچێتە سەر و بە زمانێکیتر زەحمەتە .

پەمۆک: هەر وایە. چوونکە هزر و ئەندێشە لە دوو شت پێ دێ و بەرهەم و دەرەنجامی دوو شتە: زمان و وێنە، نیوەی زمانیش ئەندێشەیە.

سمیت: دەکرێ نموونەیەک بێنیەوە

پەمۆک: ئەی بۆ ناکرێ بەڵام نەک ئێستا و ئەویش لە ڕۆژی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێڵ دا.

سمیت: ڕاستە، قسەکەت ڕاستە

سمیت: چیت پێ خۆشە بیڵێ

پەمۆک: گەلێ سوپاس بەڕێزم

سمیت: پرسیارێکی زۆر ئاسایی و سادە و سووک، وەرگتنی ئەم خەڵاتە دەبێتە مایەی ئەوەی ژمارەیەک خوێنەری نوێ ڕوو لە بەرهەمەکانت بکەن، پێشنیازت بۆ ئەوان چییە، لە کوێوە دەس پێ بکەن؟

پەمۆک: ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ خواستی خوێنەر. ئەوانەی بەرهەمەکانم لەبەر بردنەوەی خەڵاتی نۆبێڵ دەکڕن دەکارن لە ڕۆمانی " ناوی من سۆرە" وە دەس پێ بکەن بەڵام ئەوانەی پێشتر بەرهەم و کتێبەکانی منیان خوێندۆتەوە بە بەرهەمی"کتێبی ڕەش" درێژە بە خوێندنەوەی خۆ بدەن،ئەوانەش هۆگری بەرهەمی هاوچەرخن چاک ئەوە ڕوو لە کتێبی "بەفر" بکەن.

سمیت: زۆر چاکە ،بەڵام گەر خوێنەری بەرهەمەکانت بە زمانێکی جگە لە تورکی شارەزا بن دەکرێ بێژی کامە زمان زێتر توانیویە هەست و نەستەکەی لای تۆ بە تەواوەتی بگوێزێتەوە؟

پەمۆک: دیارە زمانی ئینگلیزی، زمانێکی جیهانییە و بەراوەردی بەرهەمەکانی وەرگێڕاوم بەم زمانە کردووە و دەرحەق بە وەرگێڕی خۆ هەست بە شانازی دەکەم هەر بۆیە دەکرێ بڵێم تەنیا بەرهەمەکانی وەرگێڕدراو بۆ سەر زمانی ئینگلیزی.

سمیت: سوپاس بۆ تۆ

پەمۆک: منیش مەمنوونی تۆم،دیتت کە ئەرکی خۆم  بە جوانی جێ وەجێ کردووە.

سمیت: دیارە زۆر بە چاکییش– بە ڕاستی گەلێ سوپاسی هاریکاریت دەکەم جارێکی دی سوپاس، سوپاس.

پەمۆک: بەخودات دەسپێرم دەبێ تەلەفۆنەکە داخەم چوونکە ئێستێ هەمووان دەیانەوێ پێوەندیم پێوە بکەن. ئیدی ئێستا ئەرکی سەرشانم گرانتر و قورسترە.

سمیت: هەروایە، سوپاست دەکەم بە دڵێکی کراوە و بە سینگ فرەوانییەوە وەرامی پرسیارەکانمت دایەوە، بە هیوای شادبوون بە دیدارت، ماڵاوا.

پەمۆک: منیش بەخودات دەسپێرم

****************************

## ڕۆمانی ئەستەمووڵ لە ڕووانگەی ڕەخنەگرانەوە

"ئەستەمووڵ" زۆر لەو شوێنە قەرەباڵغ و بەهەڵپانەی دەچێ نەخشی سەر بیرگە و زەینی ڕۆژاواییەکانە . ئەم شارە بەردەوام سێبەر و نسێی خەم و ڕەنج و پەژارەی بەسەرەوە دایگرتبوو و هەمیشە  شار ڕەنگی بەفر
لێ بارە.
پەمۆک ئەڵێ :هەر لە سەردەمی گەنجییەوە بیرم لەوە دەکردەوە کە جیهان زۆر  بەرینتر و گەورەتر لەوەیە بتوانم بینینم،کتێبی "ئەستەمووڵ" زێتر لەوەی ڕێز بۆ شکۆی سرووشتی و میعماری شار دانێ باسی خەمێکی قووڵ و نادیار و کاریگەرێتی بەسەر بیر و بۆچوون و هەست و نەستی پیاوێکی گەنجی خەیاڵ فرەوانە. ئەو جوان هەست بەو خەم و پەژارە دەکات بەڵام هەستی داهێنانی خۆ وەگەڕ دەخات. ئەوەی دەخرێتە بەرچاو،ڕووانگە و  بیر و بۆچوونی چەن گۆڤار و بڵاڤۆکی ناسراوی ئەدەبیی جیهان و ژمارەیەک خوێنەری کتێبی ئەستەمووڵە.

## ڕۆمانی ئەستەمووڵ بەلای  خودانی بڵاڤۆکەکانی حەوتانە

ڕۆمانی نووسەری تورک پەمۆک، سیمای شارێکمان بۆ دەنەخشێنێ کە  ژیارێکی مردوومان دەخاتە پێش چاو . پەمۆک ساڵی 1952 لە دایک بووە و لە نێو بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی ئەستەمووڵدا گەورە بوو کە حوکوومەتی عوسمانی بەخۆوە بینیوە، رووخانیشی بە چاوی خۆ دیوە. تایبەتمەندییەکی هەرە ڕوونی خەڵکی شارەکەی ئەستەمووڵ چەشنە خەم و پەژارەیەکی سەردڵانە.
پەمۆک گەلێ ڕووداوی تاڵ و دڵتەزێنی باریکەی بۆسفوڕ دەگێڕێتەوە ،باسی تێکچوونی شیرازەی بنەماڵەکەی دەکات، گەورەکان دەمرن، باوک و دایکی دایمە لەگەڵ یەکتردا کێشەیانە و دواتر لێک جیا

دەبنەوە و ئەو دەبێ لەم جیهانە بەرینەدا ڕێی خۆ ببینێتەوە. ئەمە گەشتێکی ئەدەبی و بارگران و خەماوی نێو گەورە شارێکە. ئەو زانیاری، وردی ئەوتۆمان سەبارەت بەم شارە بیر دێنێتەوە کە هەڵگری گەلێ خاڵی دژ بەیەکە،شار و باژاڕێکی ئەوتۆ بە وتەی "فلۆبێر" پێش بینی دەکرێ بێتە پێتەختی جیهان. ئەم شارە پێکهاتەیەکی سەیر لە دیرۆک و مۆدێرنیزمان دەخاتە پێش چاو پڕپڕی داب و نەریتی خۆرهەڵاتی و پێشکەوتنخوازی ڕۆژاوایی.

## ڕووانگە و بیر و بۆچوون

### نیۆیۆرکێر:

ئەم بەرهەمە قەسیدەییەکی ئەویندارانە و تراژیک لە وەسفی زێدەکەی نووسەردایە. پەمۆک زادەی نێو بنەماڵەیەکی ئەدەب پەروەرە، ئەو لە تەک دایک و باوک و داپیرەی دا دەژیا کە میناک بەرهەمەکانی "ڕێنۆ ئار"ی نیگارکێش،سیمای دایکێکی دڵ بەئۆقرە و دەروون ئەهوەنمان بۆ دەنەخشێنێکە لە بارودۆخێکدا دەژیان کولتوورەکەی بەردەوام ڕووی لە گۆڕان بوو، ڕژێمی پێشووی تورکیا ڕووخابوو لێ هێشتا ژیاری ڕۆژاوا بە تەواوەتی جێی خۆی لە نێو ئەو وڵاتەدا نەکردبووەوە. خەڵک گیرۆدەی سەر دوو ڕێیانێک بوون تەنانەت بنەماڵەکەی پەمۆک کەوتبوونە بەر کارتێکەری خەمێکی گران کە دوا بەدوای هەڵوەشانەوەی دەستەڵاتی عوسمانییەکان باڵی بەسەر شاری ئەستەمووڵدا کێشابوو، باوک بەردەوام هەڵشکاو(بەرشکستە) و بە مانگان و ساڵان لەچاوان بزر. ئۆرهان دەویست شار بەرگی ڕۆژاوایی بوون بکاتە وەر بەڵام گەرەکیشی بوو هەموو شتێ هەمان بۆن و بەرامەکەی خۆی پێوە بێت، بۆیە ڕووی لە هونەر و ئەدەب کرد و دەگەڵ زۆر هونەرمەندی ڕۆژاوایی وەک "ئەنتوان میلینگ" کە تابلۆی باریکەی بۆسفوڕ دەستکردو بەرهەمی ئەوە و ژمارەیەکی دی دا دەکەوێتە گفت و گۆ و باس و خواس. پەمۆک ڕوو لە نیگارکێشی دەکات، پاشان بەدوای میعماری و نژیارڤانیدا دەچێ بەڵام بنەماڵەکەی نیگەرانی داهاتی وی دەبن چوونکە پێیان وابوو نیگارکێشی داهاتی ئەوتۆی نابێت، ڕەنگبووایە ئەو پیشە لە ئەورووپا بە داهات بووایە لێ لە تورکیا بە ڕاست نەدەگەڕا!

### سەرنووسەری پەمۆک، جۆرج ئەندریۆ لە پەخشکاری ڕۆندۆم هاوس( Randoom house)

لە وتوویێژێک بە ساڵی 2001 وتی: گەر پەمۆک درێژە بە نووسینی ڕۆمانی سیاسی بدات خەڵاتی نۆبێڵ دەباتەوە. بەڵام ئەو ڕووداوە نەک لەبەر ڕۆمانێکی سەتی سەت سیاسی بەڵکوو بۆ ڕۆمانێکی خەیاڵاوی و بە بۆن و بەرامەی نۆستالۆژیک بۆ پەمۆک هاتە دی و ئەمساڵ خەڵاتی نۆبێڵی پێ بەخشرا.

## ڕا و بۆچوونی خوێنەران

من کتێبی ئەستەمووڵ بەرهەمی پەمۆکم بۆ خوێندنەوە هەڵبژارد کە خەڵاتی نۆبێڵی بردەوە، سەرکەوتنەکەی پەمۆک بۆ وەدەس خستنی ئەو خەڵاتە لەبەر نووسینی ئەو بەرهەمە بوو، ئەو کتێبە لە ئەنسیکلۆپێدیایەک دەچێ پڕیەتی لە وێنە و یادەوەری سەردەمی گەنجی و بێ ئۆقرەیی پەمۆک، وەک بەرهەمەکانی پێشووی پڕیەتی لە نیشانەی ڕەش بینی و دەروون ڕێشی، پەمۆک دەیەوێ

کێشەکانی دەروونی خۆ بنوێنێ و دەڵێ ئەستەمووڵ لەو کێشە و بگرە و بەردەی دەروونیدا دۆڕاندوویەتی و دانی بەو دۆڕانەشدا ناوە ئەو وێڕای خۆشەویستی بۆ ئەستەمووڵ بەڵام چاوی بڕیوەتە پێشکەوتی شار بە شێوازی ڕۆژاوایی.

- هەڵبەت شێوازی نووسینی پەمۆک دایمە لای هاوکارانی باس و خواسێکی چڕ و پڕی لێکەوتۆتەوە و باسی ئەوان لەسەر ئەوەیە خامەی بەپێز و سیحراوی نێو بەرهەمەکانی لە کتێب و بەرهەمەکانی وەرگێڕدراودا ڕوو لە کزی دەنێ، ئەو زۆربەی سات و کاتان خۆی لە دونیای سیاسەت پەڕ گرتووە یان زۆر بەپارێزی تایبەتی چینی مام ناوەندی کۆمەڵ خۆی لێ نێزیک کردۆتەوە. پەمۆک لە ڕێی بەرهەمی "بەفر"ەوە پێ دەنێتە نێو گۆڕەپانی سیاسەت. لە ڕاستیدا "بەفر" سیاسی ترین ڕۆمانی پەمۆکە.

ئامادەکاری ئەم بابەتە بەفارسی: میترا کەیوان مێهر

سەرچاوە: گۆڤاری ئازما،ژمارەی تایبەتی هونەر و ئەدەب، ساڵی هەشتەم ، ژمارەی 48، بەفرانباری 1385 ی هەتاوی

تاران

5 ی پووشپەڕی 2707 ی کوردی